# ڕاستیه شاراوەکانی ناو دەقی دیمانەکەم لەگەڵ سایتی "ئیسلام پەیك"

**ئاسۆ کمال**
asokamal@yahoo.com

**لەبەرئەوەی سایتی "ئیسلام پەیك" لەکاتی دیمانەکەی مندا نوسیبویان کە ئەوەی بلاویان کردۆتەوە دەقی دیمانەکەی منە★ کە لەگەڵ سایتی ناوبراودا کردومە پیویست بوو کە ئەمە راست بکەمەوە کە وانیە و ئەو پەرەگرافەی لە خوارەوەی ئەم نوسینەدا هاتوە لەلایەن سایتەکەوە لابراوە و ئەمەش دەری دەخات کە ئەم پێگەیە نەیتوانیوە بەرامبەر بەوەی کە رایانگەیاندوە لەم "تێبینی"یەدا کە دەڵێن "وەك پیشەی کاری راگەیاندن و دەربری رای ئازاد بلاوی دەکەینەوە" .**

**تێبینی : خوینەرانی بەریزی سایتەکەمان ئاگادار دەکەینەوە ، دەقی ئەم دیمانەیە گوزارشت لە بیروبۆچوونی نوسەر دەکات و ئیمە تەنها وەک پیشەی کاری راگەیاندن و دەربڕی ڕای ئازاد بلاوی دەکەینەوە هەرچەند تیبینی زۆرمان لەسەر وتەکانی بەریزان هەیە و پیگەی ئیسلام پەیک بەرپرسیار نیە ، لەهیچ لیدوانێکی برای نوسەر .....**

**بەداخەوە کە پێگەی ئیسلام پەیك نەیتوانیوە خۆی ئەم راستیانەی لەم پەرەگرافەدا هاتوە سەبارەت بە مومارەسەی کاری سیاسی ئیسلامیەکانی کوردستان و ئەم راستیانەی لە خوینەرانی سایتەکەیان شاردۆتەوە و نەیانتوانیوە کاری راگەیاندن و دەربرینی رای ئازاد ،کە تەنها باسی بەشیکی بچووك لەو رووداوە راستەقینانە کردوە کە بەناو و رۆژ و شوێن و شاهیدی زیندووی خەلکی کوردستان رویانداوە ، وەك پیشەیەکی بێلایەنگری و قبوڵکردنی رای جیاواز لەسەر خۆیان بلاوبکەنەوە. پەرەگرافەکە لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدایە کە باسی مومارەسەی کاری سیاسی ئیسلامیەکانی کوردستان دەکات و دەڵێ : بەتایبەتی لە کوردستان کە کۆمەڵگایەکە ڕیشەی مەدەنیەت و عەلمانیەت تیایدا بەهێزە سەپاندنی حکومەت و دەستوری ئیسلامی بەسەر خەڵکی کوردستاندا بۆ ئیسلامیەکان کارێکی سەختە و ڕووبەڕوی نارەزایەتی جەماوەریە ..... لیرەوە ئەو پەرەگرافەی خوارەوە سایتی ئیسلام پەیك لایبردوە و بلاوی نەکردۆتەوە:**

**"هەروەك لە دژی تاوانی تیرۆریستانەی ئاوایی حەمە دوای کارەساتی 11 سیپتەمبەری 2001 بینیمان. هەربۆیە دەبینین گروپە ئیسلامیە جیاوازەکانی کوردستان هەم لەریگای بەشداری لە حکومەتدا وهەم بە معارزە نیشاندانیش دەیانەویت بەو ئامانجە بگەن و ناتوانن دەستبەرداری حکومەت ببن چونکە سەرچاوەی داهات و مانەوەیانە و ناشتوانن دەستبەرداری معارەزە و توندوتیژی ببن چونکە ئامانجیان سەپاندنی دەسەڵاتیکی ئیسلامی و نەهێشتنی عەلمانیەت و مۆدیرنیزم و ئازادی سیاسیەیە. ئەمە تەجروبەی شەڕەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی بەپاڵپشتی ئیران و شەڕی ئەنسارئیسلام کە پاڵپشتی مادی و مەعنەوی هەموو ئیسلامیەکان کرا ، ئەم ڕاستی مومارەسەی ڕابردوی ئیسلامیەکان لە مەیدانی کاری سیاسیدا نیشان دەدات.**

**ئۆپۆزسیۆن بوونی ئیسلامیەکان شیوازی جۆراوجۆری بەخۆیەوە گرتوە لە فشار هێنان لەسەرەوە لە ئاستی حکومەت و دەسەڵاتی یەکێتی وپارتیدا بۆ جێبەجێکردنی یاسا و شەریعەتی ئیسلامی بەرامبەر بە مەسەلە و ڕوداوەکانی لە کۆمەڵگای مەدەنی کوردستاندا هاتۆتە ئاراوە و ناکۆك بوە بە بنەماکانی ئیسلام وەك داخستنی رۆژنامەکانی لەچەشنی بۆپێشەوە و یەکسانی و قەدەغەکردنی کتێب و نوسینی ڕەخنەگرانە لە ئیسلام . یاخود**

ئەم معارەزەیە شێوەی توندوتیژ و تیرۆریستی بەخۆوە گرتوە وەك كارەكانی انصارالاسلام و تیرۆری كۆمۆنیستەكان و هەڕەشە و فتوای كوشتنی رۆشنبیرانی وەك مەریوان هەلەبجەیی و ریبوار احمد و شیركۆبێكەس و هتد..وە تا ئەوەی گەیشتە ڕادەی وەك معارەزی كۆمەڵی مەدەنی كوردستان كەوتنە تەقاندنەوەی ئارایشتگای ژنان و پەلاماری ژنان لە ناو بازارەكاندا . "

بیستنی ئەم راستیانە و بلاوكردنەوەی لەسایتیكی ئیسلامی وەك "ئیسلام پەیك" كارێكی سەختە بەلام ئەم بەرپرسانە یان نابێت خۆیان لەپرسیاری لەو چەشنە بدەن كە ڕاستیەكانی مومارەسەی كاری سیاسی ئیسلامیەكانی كوردستان ئاشكرادەكات یان نابێت وەك پیشەی كاری راگەیاندن و دەربرینی رای ئازاد ئەم ڕاستیانە لە خوێنەران بشارنەوە و پیچەوانەی ئەو قسەیەی سەرەوەیان بجوڵێنەوە. ئەم هەڵوێستە خزمەت بە درێژەپیدانی ئەو كارانە دەكات لەلایەن ئیسلامیەكانی كوردستانەوە كراوە و بەپیچەوانەشەوە نیشاندانی ئەم ڕاستیانە خزمەت بە كۆمەڵگای كوردستان و هەموو لایەنیكی سیاسی كە دەیەوێت لە ڕێگای مومارەسەی كاری سیاسی دوور لە تیرۆرەوە بەئامانجەكانی بگات و ڕیشەی توندوتیژی و تیرۆر لە كوردستاندا ڕیشەكێش بكرێت و كاری راگەیاندن و دەربرینی ڕای ئازاد بەڕاستی ئازاد بێت.

قوربانیانی ئەم توندوتیژیانەی ئیسلامیەكانی كوردستان لەم دە پانزەساڵەی ڕابردوودا لەبینینی ئەم راستیانەوە دەتوانن مومارەسەی كاری سیاسی ئیستای ئیسلامیەكان هەڵسەنگێن و بزانن بۆچی ڕێگای تیرۆر و توندوتیژی لە كاری سیاسی جیاناكەنەوە و ئیدعاكانی خۆیان لەمەڕ دیكتاتۆریەتی یەكێتی و پارتی چەندە تەعبیر لە ئۆپۆزسیۆنێك دەكات كە خۆی ئازادی و دەربڕینی ڕای ئازاد تەحەمول دەكات.؟ من لە ڕوانگەیەكی ئازادیخوازانەوە لەو دیمانەیەدا باسی شێوازی جیاوازی ئۆپۆزسیۆن بوونی ئیسلامیەكانی كوردستانم كردوە لە ئۆپۆزسیۆنێكی جەماوەری و سیاسی كە ئێستا لەبەرامبەر دەسەلاتی میلیشیایی یەكیتی وپارتی و ئیدارەی گەندەڵی حكومەتی هەرێمدا هەیە. ناسینی ناوەرۆكی سیاسی و شیوازی مومارەسەی كاری سیاسی ئۆپۆزسیۆن بوونی هەموو لایەنانە گرنگە تاكو بزانین خۆیان بەدیلیان چیە؟ لەسەر ئازادی چی دەڵێن وچی دەكەن؟ لەسەر هەژاری خەلك دەوریان چیە و چی دەكەن ؟ ئێستا دوای 15 ساڵ خەڵكی كوردستان تەجروبەی ئەوەی هەیە كە دەسەڵاتی یەكێتی و پارتی چیە و ئۆپۆزسیۆنە ئیسلامی و كۆمۆنیست و ناسیونالیست و ریفورمیستەكان چین و كارنامەی هەرلایەكیان ئاشكرایە و ئێمە ڕێگاپیشانی خەڵك دەدەین كە شیعار و نارەزایەتیەكانیان بۆ باشترکردنی ژیان و چارەنوسی سیاسی كوردستان درێژەپێبدەن و نەبنەبەردەبازی گەیاندنی ئەوانەی بەئاڵای ئۆپۆزسیۆنەوە بەرامبەر بەئازادی و مافەكانی خەڵكی كوردستان سەنگەری گرتوە و سبەینێ دەسەلاتی تیرۆر و سەركوت بەسەر خەلكدا دەسەپێنێ.

2007/02/22

*دەقی دیمانەی سایتی ئیسلام پەیك لەگەڵ ئاسۆ كمال سەبارەت بە ئیسلامیەكانی كوردستان و هەلومەرجی سیاسی عیراق و كوردستان

ئامادەكردنی دیمانە میران محمد – تایبەت بە ئیسلام پەیك

**1- ئایا ئیسلامیەكان لە كوردستان ئێستا چۆن مومارەسەی كاری سیاسی دەكەن لەموعارەزەدان یان لەگەل حكومەت ، گەر لەگەلە حكومەتدان بۆ رەخنە دەگرن گەر موعارەزن بۆهە لو یستیكی راستە وخۆ ئاشكرایان ینە ؟**

وەڵام: ئیسلامیەكان لە كوردستان هەم بەشدارن لە حكومەتی هەرێم و هەم لە ئۆپۆزسیۆنی حكومەتن. ئەمە نیشانەی ئەوەیە كە دەولەتێك لە كوردستاندا نىیە تا پیناسەی حكومەت و ئۆپۆزسیۆن وەك ئەوەی لەدنیادا و لەكۆمەڵگایەكی نۆرماڵ و مۆدیرندا بتوانێ كوردستانیش بگرێتەوە. حكومەت لە كوردستان دەسەڵاتی چەند حزبێكی میلیشیایىیە كە ئیسلامیەكانی كوردستان لەسایەی ئەم دەسەڵاتە و لەدژی ئەم دەسەڵاتەدا بەدوای سەپاندنی قازانج و دەسەڵاتی خۆیانەوەن. لەسایەی ئەم حكومەتەی یەكێتی وپارتی دا هەمیشە دەرگا بۆ ئیسلامیەكان كراوەبوە كە ئەوانیش بەشێك لە دەسەلات وداهاتی كوردستانیان بەركەوێت جا ئەمە بەفشاری جمهوری ئیسلامی ئێران بوبێت وەك رێكەوتنی نیوان یەكێتی و بزوتنەوەی ئیسلامی یاخود ئاكامی سوود وەرگرتنی ئیسلامیەكان بوبێت لە شەڕی ناوخۆی كوردستان وپشتیوانی سعودیە وەك یەكگرتوی ئیسلامی.

سەرەڕای ئەم واقعیەتە خالی جیاكەرەوەی ئیسلامیەكان لە باقی حزبە سیاسیەكانی كوردستان ئەوەیە كە مومارەسەی كاری سیاسی ئیسلامیەكان تیكەڵاوە بە مومارەسەی كاریتوندوتیژی و تیرۆر كە گروپە جیاجیاكانی ئیسلامیەكان لە كوردستان پێی هەڵساون و ناتوانین كاتێ باسی مومارەسەی كاری سیاسی ئیسلامیەكان و بەشداریان لە حكومەت و بونیان لە ئۆپۆزسیۆندا دەكەین ئەم لایەنەی كاری توندوتیژی وتیرۆریان لەبەرچاو نەگرین و حسابی حزبێكی سیاسی وەك حزبەكانی تری كوردستان یان دنیای رۆژئاوایان بۆ بكەین. هەرئەمەش وای كردوە كە خەڵكی كوردستان هەڵویستی نەگەتیڤیان هەبێت لەسەر ئیسلامیەكان چ لە بەشداریان لە حكومەتدا و چ لەبونیان لە ئۆپۆزسیۆندا. بەواتایەكی تر بڵێین ئیسلامیەكانی كوردستان لە بنەڕەتدا باوەڕیان بە پرۆسەی سیاسی بۆ دەست بەدەست كردنی دەسەلات و ئازادی سیاسی بۆ هەموو لایەنەكان نىیە و ڕێگای توندوتیژی و تیرۆر وەك بەشی تەواوكەر و جیانەكراوەی ستراتیژیانە بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات و ئەمەش لەسەر حسابی سڕینەوەی ئازادی سیاسی لە كوردستان تەواودەبێت. ستراتیژی دامەزراندنی دەسەڵاتیكی ئیسلامی بەبێ دەست بردن بۆ توندوتیژی و سڕینەوەی ئازادیە سیاسیەكان ناكرێت هەروەك لە ئێران و سعودیە و حكومەتی تالیبان دا بینیومانە. بەتایبەتی لە كوردستان كە كۆمەڵگایەكە ڕیشەی مەدەنیەت و عەلمانیەت تیایدا بەهێزە سەپاندنی حكومەت و دەستوری ئیسلامی بەسەر خەڵكی كوردستاندا بۆ ئیسلامیەكان كارێكی سەختە و ڕوبەڕوی ناڕەزایەتی جەماوەریە هەروەك لە دژی تاوانی تیرۆریستانەی ئاوایی حەمە دوای كارەساتی 11 سیپتەمبەری 2001 بینیمان. هەربۆیە دەبینین گروپە ئیسلامیە جیاوازەكانی كوردستان هەم لەریگای بەشداری لە حكومەتدا وهەم بە معارزە نیشاندانیش دەیانەویت بەو ئامانجە بگەن و ناتوانن دەستبەرداری حكومەت ببن چونكە سەرچاوەی داهات و مانەوەیانە و ناشتوانن دەستبەرداری معارەزە و توندوتیژی ببن چونكە ئامانجیان سەپاندنی دەسەڵاتیكی ئیسلامی و نەهێشتنی عەلمانیەت و مۆدیرنیزم و ئازادی سیاسىیە. ئەمە تەجروبەی شەڕەكانی بزوتنەوەی ئیسلامی بەپاڵپشتی ئێران و شەڕی ئەنسارئیسلام كە پاڵپشتی مادی و مەعنەوی هەموو ئیسلامیەكان كرا ، ئەم ڕاستی مومارەسەی ڕابردوی ئیسلامیەكان لە مەیدانی كاری سیاسیدا نیشان دەدات.

ئۆپۆزسیۆن بوونی ئیسلامیەكان شیوازی جۆراوجۆری بەخۆیەوە گرتوە لە فشار هێنان لەسەرەوە لە ئاستی حكومەت و دەسەڵاتی یەكێتی وپارتیدا بۆ جێبەجێكردنی یاسا و شەریعەتی ئیسلامی بەرامبەر بە مەسەلە و ڕوداوەكانی لە كۆمەڵگای مەدەنی كوردستاندا هاتۆتە ئاراوە و ناكۆك بوە بە بنەماكانی ئیسلام وەك داخستنی رۆژنامەكانی لەچەشنی بۆپێشەوە و یەكسانی و قەدەغەكردنی كتێب و نوسینی ڕەخنەگرانە لە ئیسلام . یاخود ئەم معارەزەیە شێوەی توندوتیژ و تیرۆریستی بەخۆوە گرتوە وەك كارەكانی انصارالاسلام و تیرۆری كۆمۆنیستەكان و هەڕەشە و فتوای كوشتنی رۆشنبیرانی وەك مەریوان هەلەبجەیی و ریبوار احمد و شیركۆبێكەس و هتد..وە تا ئەوەی گەیشتە ڕادەی وەك معارەزی كۆمەڵی مەدەنی كوردستان كەوتنە تەقاندنەوەی ئارایشتگای ژنان و پەلاماری ژنان لە ناو بازارەكاندا .

ئۆپۆزسیۆن بوون لە كوردستاندا ئێستا بەمانای ئەوەدێت كە داوای باش بژێوی خەڵك بكەیت ،داوای كارەبا و سوتەمەنی و نەهیشتنی گرانی بازاڕ و بیمەی بێكاری و كۆمەڵایەتی بكەیت .ئەم مەسەلانە لای ئیسلامیەكان كە خۆیان لە حكومەتدان و بەشێك لە داهاتی كوردستانیان پێدەدرێت خۆیان بەشدارن لەڕاگرتنی ئەو وەزعە خراپەی بژێوی خەلكدا و ناتوانن و نایانەوێت ببنە ئالاهەڵگری باش بژێوی خەڵك. لەهەمان كاتدا چارەنوسی كوردستان كە بەهۆی پاشكۆیەتی بۆ عێراق لەبەردەم مەترسی تیوەگلانی لە شەڕی ناوخۆی عیراق و دەستدرێژی ئێران وتوركیادایە ، مەسەلەی ئیسلامیەكانی كوردستان نىیە چونكە ئەوان لەم هەلومەرجەدا كە ئیسلامیە شیعە

وسونەکانی عیراق باڵادەستن پشتیوانەیەك بۆ گۆڕانی وەزعی کوردستانیش بە قازانجی خۆیان دەبینن و هەربۆیە هەمان هەڵویستی یەکیتی وپارتیان هەیە لە مانەوە لە چوارچێوەی عیراقدا. بەم هۆیەشەوە ئیسلامیەکان نایانەوێت لە ئیستادا وەك معارەزەیەکی دەسەلاتی یەکێتی وپارتی دەرکەون لەکاتیکدا سیاسەتی ئیلحاقکردنەوەی کوردستان بە عیراقەوە خزمەتی زیاتر بەئیسلامیەکان دەکات و درێژەکێشانی ئەم وەزعە زەمینە خۆش دەکات بۆ ئەوەی جارێکی تر ئیسلامیەکان وەك دەورانی 1994بۆ 2001ببنەوە ئۆپۆزسیۆنیکی خەتەر لەسەر دەسەلاتی یەکیتی وپارتی و یەکگرتووی ئیسلامی لە حکومەت دا و کۆمەڵی ئیسلامی لە ئۆپۆزسیۆنێکی توندوتیژ و پاڵپشتی دەرکەوتنەوەی گروپە تیرۆریستەکانی وەك ئەنسارئیسلام ، هەلومەرجی کوردستان بەرەو ناجیگیری زیاتر و دەستیوەردانی جارێکی تری ئیران ببەن.

## 2- شەری مەزهەبی لەناوەراستی عیراق کێ هۆکاری بوو شیعە یان قاعیدە و گروڵە توند رەوکانی سوننە ؟

وەڵام: شەڕی تایفەگەری ئاکامی شەڕی دەسەلاتی هێزە شیعە و سونیەکانە لەسایەی داگیرکاری ئەمریکا لە عێراقدا. نەخشەی ئەمریکا بۆ دروستکردنەوەی دەولەتی عیراق دوای ڕوخانی بەعس و نەمانی پەیکەرەی دەوڵەتی عیراق دەرگای بەسەر ئەم شەڕە تایفەگەریەدا خستەسەرپشت کاتێك ئەوەی پێی دەڵێن پرۆسەی سیاسی و دامەزراندنەوەی دەولەتی عیراق و دانانی دەستور و حکومەت لە عێراقدا لەسەر بنەمای دابەشکردنی سەهمەکان بەپێی شیعە و سونە بەرێوەچوو. ئەمە لەپاڵ بوونی هێزی داگیرکاری ئەمریکادا عێراقی کردۆتە مەیدانی شەڕی تیرۆریستانی ئەلقاعیدە و سونە لەبەرامبەر ئەمریکاو هێزەکانی شیعەدا. سونەکان و پاشماوەکانی بەعس شەڕ لەسەر بەشە دەسەلاتی زیاتری خۆیان و گێڕانەوەی دەسەلاتی پێشوویان و لەم پیناوەدا بەشیکیان بونەتە هاوکار و هاوپەیمانی ئەلقاعیدە و بەشیکی تریشیان لە ڕێگەی پچڕینی بەشی زیاتر لە حکومەتی مەرکەزیدا درێژە بەفشار وکاری تیرۆریستانەیان دەدەن. لەبەرامبەریشدا میلیشیاکانی هاوپەیمانیتی شیعە لە ریگای تیرۆرەوە سونەکان قەتل و عام دەکەن و لە حکومەتیشدا باڵادەستی خۆیان دەپارێزن و بە پاڵپشتی تەواوی عەسکەری و سیاسی ئیران خەریکی یەکلاکردنەوەی باڵادەسەلاتی شیعەن لە ناوچەکەدا.

هەربۆیە ئیستا شەڕی مەزهەبی نیوان شیعە و سونە لەعێراقدا لەسەر دەسەلات تیکەڵ بوە بە شەرێکی ستراتیژی تری نیوان ئیران و حکومەتە ناسیونالستیە عەرەبیە سونەکانی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست لەلایەك و شەڕی نیوان توندڕەوەکانی سونە و شیعە لەگەڵ ئەمریکادا لەلایەکی ترەوە و ئایندەیەکی نادیاری داوە بە کۆتایی هاتنی ئەم شەڕە مەزهەبیە و هەردوو لا و هەردوو جەبهەکە کۆمەڵگای عێراقیان نوقمی سیناریۆیەکی ڕەش و کۆنەپەرستانە کردوە و خەڵکی عیراق باجی شەڕی باڵادەست بوونی هێزەکانی شیعە وسونە دەداتەوە و بەبێ دەست کۆتاکردنی ئەم هێزانە و کۆتایی هینان بەداگیرکاری ئەمریکا ودامەزراندنی دەسەلاتیکی مۆدیرن و سکۆلار ئەم کۆمەڵگایە ئارامی و ئەمنیەت بەخۆیەوە نابینێ و لەم کوشتار و تیرۆریزمەی شیعە وسونە ڕزگاریان نابێت.

## 3- ئایا ناردنی پیشمەرگەهت بە لاوە چۆن بوو بۆ بەغدا ؟بە بریاریکی سیاسی دەزانیت یان بۆ مسۆگەر بوونی دەست کەوتی مادیبوو بۆ هەردوو حزبی دەسەلات بوو ؟

وەڵام: ناردنی پیشمەرگە بۆ شەڕی بەغداد ئاکامی سیاسەتی پاشکۆبونی یەکێتی وپارتیە بۆ ئەمریکا لە عیراقدا. ئەمریکا بۆ دەربازیوونی لە شکستێك کە لە عیراقدا ڕوبەڕوی بۆتەوە فشاری بۆ ئەم حزبە دەسەلاتدارانەی کوردستان هیناوە کە هیزەکانیان بنیرن بۆ بەشداری لەشەڕی ئەمریکا لە بەغدادا دژ بە سوپای مەهدی و سونە و ئەلقاعیدە. ئەم حزبانە مادام لە چوارچیوەی سیاسەتی ئەمریکا لە عیراقدا ماونەتەوە و لەسایەی ئەمریکادا دەسەلات و بەشیان لە داهاتی عیراق دەپاریزن ناچارن کە مل بۆ داواکانی ئەمریکا کەچ بکەن و هەرچۆن لەسەرکەوتنی ئەمریکادا 3 ساڵە دەستکەوتیان هەبوە لە حکومەت و لەنەوت و لە دەستوردا هەرئاواش دەبێت ئیستا لەدانی باجی شکستی ئەمریکاشدا هاوبەش بن و خزمەت بەشەڕی ئەمریکا بکەن. ناردنی پێشمەرگە تەنها بۆ ئەوەنییە ئەم حزبانە خەرجی ئەم هیزانەیان لە بودجەی حکومەتی مەرکەزی عیراق دابین بکەن بەلکو بۆ پاراستنی ئەو بەشە دەسەلات وداهاتەیانە کە لە حکومەتی "فیدرالی "هاوبەشیان هەیانە ، بەلام باجی ئەم ناردنی پیشمەرگەیە بۆ شەری بەغداد خەلکی کوردستان دەیدات و کوردستان دەکاتە بەشێك لەو شەڕە تایفی و مەزهەبیەی لە عیراقدا هەیە و ئەمنیەت و چارەنوسی کوردستانی خستۆتە بەر مەترسی ئاگری ئەو شەڕەی ئەمریکا و شیعە وسونە و لە ئیستاشەوە کوردستانی خستۆتە ژیر سایەی هەڕەشەی دەستدریژی تورکیا وئیرانەوە.

## 4- بە رای جەنابتان هیچ چارەیەک ماوە و دەروازەیەک هەیە بۆرزگار بونی حوکمەتی هەریم لەم وەزعە چەق بە ستوەی کە ناتوانیت خزمەت بکات ؟

وەڵام: حکومەتی هەرێم هیچ شەرعیەتیکی نیو دەولەتی نییە و لە سایەی شکستی پرۆسەی سیاسی و بەدیلی فیدرالی لە عیراقدا ئەم حکومەتەی هەرێمی بێدەور کردوە لە وەڵامدانەوەی پیویستیە سیاسی و ئابوریەکانی کوردستاندا و پەیوەندی لەگەڵ بەغدادا بەهەڵواسراوی و ناجیگیر هێشتۆتەوە . نارەزایەتیەکانی دوو ساڵی ڕابردووی شارەکانی سلیمانی و هەولیر و ناوچەکانی گەرمیان و پشدەر و چەمچەمال و ئاکرێ و شوینەکانی تر نیشانەی بێدەربەستی ئەم حکومەتی هەرێمە بوە بە دابینکردنی پیویستیە سەرەتاییەکانی کارەبا و سوتەمەنی خەڵکی کوردستان . گەندەڵی ئەم حکومەتە و وابەستەیی بە حکومەتێکی مەرکەزی کە تووشی هەمان گەندەڵییە و کاربەدەستانی بەهەمان پیوەری بەعس لەگەڵ کوردستان مامەڵە دەکەن ، ڕێگای چاك بوونی باری دەرامەت و گوزەرانی خەلکی کوردستانی بە بنبەست گەیاندوە. هەربۆیە ریگای دەربازیون لە گۆرینی کابینە و پیکهاتەی ئەم حکومەتەدا نییە بەڵکو لە یەکلاکردنەوەی چارەنوسی کوردستاندایە بە عیراقەوە. ڕێگاچارەی کوردستان ئێستا جیابونەوەیە لە عیراق و دامەزراندنی دەولەتیکی سەربەخۆیە لە کوردستان. مانەوە لە چوارچیوەی عێراقدا کە دەسەلاتیکی عەرەبی ئیسلامی بەشەریدا زاڵە و دەرگیری شەرێکی کۆنەپەرستانەی تایفی شیعە و سونە و شەڕی تیرۆریستی ئەمریکا و ئەلقاعیدە و سونەیە هیچ ئایندەیەکی ئارام و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی کوردستان تیدا نییە ، وە بەپیچەوانەوە مافی خەڵکی کوردستانی لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیدا پیشیلکردوە و کوردستانی کردۆتە قوربانی شەڕی باڵادەستی ئەم هێزە کۆنەپەرستانە.

**5- ئایا بە رای بەریزتان بە موجازەفەیەک حزبە کوردیەکان ناتوانن حکومەتی کوردی رابگەینن کە کەمتر باجی دەویت لە راکردن بە شوین بەغدادا ؟ ئەم دوو دڵییەی حزبە دەسەلات دارەکان بۆ چی دەگێرێتەوە بۆ نەمانی متمانەی حزبەکان بە خۆیان کە کەس هاوکاریان نابیت یان تاقەتی موجازەفە و قو ریانی دانیان نەماوە ؟**

وەڵام: ئاشکرایە سەربەخۆیی کوردستان ڕێگایەکی دژوارە و دوژمنی زۆرە. بەلام بەبەراورد لەگەڵ ڕێگای مانەوە لە عیراقدا و کەوتنە دوای سیاسەتەکانی ئەمریکا و شەڕی یەکێتی وپارتی لەسەر بەشە دەسەلاتی"فیدرالیان" ڕێگایەکە کە ئایندەی هەیە و کەمتر قوربانی بێئاکامی دەبێت. ئەمریکا لەمەوقعیەتێکدایە لە عێراق فشاری هەموو هێزە ناوخۆیەکان قبوڵ دەکات تاکو ناچار بەراکردن نەبێت. داوای خەلکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی و بەرێخستنی حەرەکەتیکی سیاسی بۆ بەرپاکردنی رفراندۆم دەتوانێت ئەم فشارە دابنێت و بەتایبەت کاتێك کە پشتیوانیەکی نیودەولەتیشی هەبێت. پشتیوانی نیودەولەتی لەئیستادا کە کوردستان پاشکۆی عیراق بێت ئیمکانێنییە و هەرداوایەکی فیدرالی و 140 وەك کێشەی ناوخۆی خەلکی عیراق سەیری دەکەن ولایەنگری بۆ پەیدانابێت.بەڵام لەکاتیکدا جیابونەوەی کوردستان وەك ریگاچارەیەك کە خەلکی کوردستان دەیەویت بەهۆیەوە لە بەڵای شەڕی عیراق ڕزگاری بێت بیگومان پشتیوانی سیاسی و نیودەولەتی بۆ خۆی ڕادەکێشێ. سەرکوتکردنی حەرەکەتیکی سیاسی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان کە پشتیوانی وبەشداری زۆربەی خەلکی کوردستانی لەپشت بێت سەنگ و قورساییەکی لە ساحەی سیاسی عیراقدا دەبێت و لەناوخۆی عیراقدا کە شیعە وسونە توانای سەرکوتیان نابێت و هێرشی تورکیا وئیرانیش کارێکی ئاسان نییە لەم هەلومەرجەدا.تورکیایەك کە داوای چونە پەرلەمانی ئەوروپا دەکا و ئیرانیش کە سزای ئەنجومەنی ئاسایشی بۆ بەرنامەی ئەتۆمی لەسەرە. بەلام کاتێ ئەم فرسەتە لەدەست بدرێت و کوردستان ڕۆبچێتە ناو شەڕی قەومی وتایفی عیراقەوە ئەوکات دەخالەتی دەولەتەکانی ناوچەکە ڕێگەی جیابونەوەی کوردستان سەدقات ناهەمواردەکا و ئیمکانی سەرکوت وباڵادەستی تورکیا وئیران بۆ جیابونەوەی کوردستان مسۆگەر دەبێت. هەربۆیە ئێستا هەلومەرجی گونجاو و لەبارە بۆ هاتنەمەیدانی ئیرادەی خەلکی کوردستان بۆ سەربەخۆکردنی کوردستان و ڕێگەنەدان بەسەپاندنی دریژەپیدانی بەدیلی شکست خواردوی فیدرالیزم و قوربانی کردنی ژیان وچارەنوسی چەند نەوەی تری کوردستان. ئێمە پیویستە لە ناوەوە دەرەوەی کوردستان ئەم بزوتنەوە سەربەخۆ جەماوەریە بۆ رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان ڕێك بخەین و لەهەموو شار و وولاتەکان کۆمیتەکانی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان پیك بهێنین و سەرتاسەری بکەینەوە و پشتیوانی سیاسی ونیونەتەوەیی بۆ راکێشین و لەم بوارەدا ئێمە خاوەنی تەجروبەی گرنگی کەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستانین کە لەچەند ساڵی ڕابردوودا ماتریال و زەمینەی بۆ دەستپیکردنی ئەم کارە فەراهەم کردوە و و سەرخستنیشی بەندە بە هاتنە مەیدانی ئیرادەی خەلکی کوردستانەوە بۆ بەدەستەوە گرتنی چارەنوسی سیاسی خۆی و دەرهێنانی لە کۆنترۆڵی حزبە دەسەلاتدارەکانەوە.ئەمرۆ هاتنە مەیدان بۆ رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی هێندەی ئاو و کارەبا و سوتەمەنی بۆ خەلکی کوردستان پێویستە.نارەزایەتیەکان دژ هەڕەشەی تورکیا و دژ فشارەکانی ئەمریکا بۆ تیوەگلانی کوردستان لەشەڕی عیراقدا دەبێت بکرێتە

سەرتای ئەم ڕێگایە و شیعاری نا بۆ پاشکۆیەتی سیاسەتەکانی ئەمریکا و بەڵێ بۆ رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەرزکەینەوە. خەڵکی کوردستان دەبێت باوەڕیان بەئیرادەی خۆیان هەبێت و ئەو چاوەروانی و خۆفریودانەی سیاسەتەکانی ئەمریکا و پاشکۆیەتی حزبەدەسەلاتدارەکانی کوردستان بۆی دروستیان کردوە دەبێت کۆتایی پیبێت و خەڵك خۆیان بڕیار بدەن لەسەر چارەنوسی کوردستان. حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان هیچ دەرسێکیان لە رابردویان وەرنەگرتوە و لەپێناو پاراستنی سەروەت و دەسەلاتی محلی خۆیاندا دوای ئەم سیاسەت و ستراتیژیەی ئەمریکا کەوتون و نارەزایەتی ومقاوەمتیکیش کە باسی دەکەن دژ بەم ئاکامەکانی ئەم سیاسەتە کە خۆی لە لابردنی فیدرالیزم و بەندی 140 ی دەستور لەسەر کەرکوك و ناردنی پیشمەرگە بۆ شەڕی ناو عیراق و مەرکەزی کردنەوەی داهاتی نەوت و هتد.. دەبینیتەوە تەنها بۆ کپکردنەوەی ئەو نارەزایەتیە ڕەوایەیە کە خەلکی کوردستان بەرامبەر بەم یاریکردنەی ئەمریکا و ئەم حزبانە بەچارەنوسی کوردستانەوە دەیکەن. بێ متمانەیی یەکیتی و پارتی بەخۆیان بۆ ئەم پاشکۆیەتیەیان دەگەڕێتەوە و ئیسلامیەکانی کوردستانیش لەم هەلومەرجەدا کە ئیسلامیە شیعە وسونەکانی عیراق بالآدەستن پشتیوانەیەك بۆ گۆڕانی وەزعی کوردستانیش بە قازانجی خۆیان دەبینن و هەربۆیە هەمان هەلویستی یەکیتی وپارتیان هەیە لە مانەوە لە چوارچێوەی عیراقدا.

نەمانی متمانەی خەڵکیش بەم حزبانە راستیەکە کە دوای تەجروبەی 15 ساڵ لە دەسەلاتداریتی ئەم هیزانە ئامادەنین قوربانی بۆ دەسەلاتیك بدەن کە دوای ئەو هەموو ساڵە ئامادەنییە سەرەتایترین پیوسیتی خەڵك لە کارەبا وسوتەمەنی و خۆشگوزەرانی دابین بکات و ئیدارەیەکی گەندەڵی بەسەر خەلکدا سەپاندوە.

6- بەرای بەریزتان بۆچی دیموکراتیەت لە کوردستان بوەتە مەزاج ؟ واتە نە بە یاساکارەکان دەکرین نە بە پرانسیپەکانی دیموکراتی – ۆنمونە هەلبژاردنی شارەوانیەکان لە سالی 1999کراوە تائیستا کاری پێ دەکریت و نەگۆراون ئەنجومەنی پاریزگا نە ئەوەیە هەڵبوەشینریتەوە نەوەک باشرۆ دەسەلاتی پی دەدریت ؟

وەڵام: ئەوەی لە کوردستاندا هەیە دیموکراسی وئازادی نیە بەلکو دیموکراسی میلیشیاییە. لەسایەی دەسەڵاتی چەند حزبی چەکداردا ناکرێت باس لە یاسا و دیموکراسی و هەلبژرادنی ئازاد بکرێت. بەشکردنی دەسەلات و داهات لە نیوان یەکێتی و پارتی و ئیسلامیەکاندا ناکرێت بە دیموکراسی ناوبەرین و ئەمە بەرهەمی وەلاخستن و ڕێگەپینەدانی ئازادی سیاسیە لە کوردستان کە ئەم دوو سێ هێزە دوای 15 ساڵ کە نەیانتوانیوە وەڵامی سەرەتایترین خواستی ژیانی مەدەنی خەڵك بدەنەوە هێشتا هەر دەسەلاتیان بەدەستەوەیە و خەڵك ناتوانن لایان ببەن . هەربۆیە گۆڕینی شارەوانی و پاریزگار هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت و هەموو کاندیدەکانی ئەم حزبانە تاقیکراونەتەوە و وەزعی ژیانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵك لە جیگای خۆیەتی . پیویستە ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی لە سیستەمی دەسەڵاتداریتی و بەرێوەبردن و هەلبژرادندا بکرێت و ئازادی سیاسی و وەزعی ژیان و گوزەرانی خەڵك چاك بکرێت و چارەنوسی کوردستان دیاری بکرێت تاکو بتوانین لە کوردستاندا دیموکراسی و ئازادی مانای واقیعی هەبێ و سیتەمێکی سیاسی ئازاد و سکۆلار و دەسەلاتیکی مەدەنی و هەڵبژیردارو بەشیوەیەکی ئازاد دابمەزرێ و پلاتفۆرمی مافە سەرەتاییەکانی خەلکی کوردستان رابگەیەنێ و بیکاتە بەرنامەی عەمەلی حکومەت.

7-گەر ئهمهریکا هیرش بکاته سهرئیران به رای بهریزتا ن بۆ بهرژهوهندی کوردستان چاکتره له رووی سیاسی وئیقلیمیهوه یان وهزعی سیاسی و ئیقلیمی بۆ کورد زیاتر ئالۆز دهبیت .

وەڵام: هیرشی ئەمریکا بۆ سەر ئیران وەزعی ناوچەکە ئاڵۆزتر دەکا و کوردستانیش دەکات بەژێردەستوپێی هێزەکانی جمهوری ئیسلامی ئیران و ئەمریکا وتورکیاوە. هەر ئیستا دەبینین هەم ئیران سنورەکانی لەگەڵ کوردستاندا پڕکردوە لە پاسدار و هەم ئەمریکاش نیازی هەیە لە کوردستان بنکەی سەربازی دابمەزرێنێ. هەروەك هیرشی ئەمریکا بۆسەر عیراق بوە مایەی بەهێزبوونی جمهوری ئیسلامی ئیران و ئیسلامی سیاسی بەهەمان شێوە هیرش بۆ سەر ئیران هەلومەرجیکی نالەبار لە ناوچەکەدا دەهینیتە ئاراوە کە بە زیانی ژیان و مافەکانی خەلکی ئیران و عیراق و ناوچکە دەبێت . ئەنجامی ئەو هێرشە داروخانی ئابوری و هەلوەشانەوەی بنەما مەدەنیەکانی کۆمەڵگای ئیران و دەست ئاوالآبوونی سوپای پاسداران و جمهوری ئیسلامی ئیران دەبێت بۆ سەرکوتی زیاتری خەلکی ئیران و دەستیوەردانی زیاتریان لە عیراق و لوبنان و فەلەستیندا دەبێت. بەم شێوەیە زەمینەیەکی زیاتر بۆ ئیسلامیەکانی

**کوردستانیش وەك ئەنسارئیسلام و کۆمەڵی ئیسلامی و ئەوانی تر فەراهەم دەکات کە بە پاڵپشتی ئێران وەزعی کوردستان بەرەو ناجیگیری زیاتر بەرن.**

**هەرچۆن خەڵکی کوردستان لە سیناریۆی شەڕی ئیستای ئەمریکا لە عیراقدا بوەتە قوربانی کە باجی شکستەکانی ئەمریکا دەدات ، هەرئاواش لە فراوانبونەوەی ئەم شەڕەدا بەرەو ئێران هەرچی زیاتر کوردستان دەبیتە مەیدانی شەڕی ئەمریکا وئێران و خەڵکی کوردستان باجی شەڕی نیوان ئەم دوولایەنە دەدات. خەلکی کوردستان دەبێت لە پاشکۆیەتی چارەنوسی بۆ ئەم شەڕانەی نیوان ئەمریکا و ئیسلامی سیاسی خۆی دووربخاتەوە و جیابونەوە لە عیراق و پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆ لە کوردستان ئەو ڕێگاچارەیە کە ئیتر ڕێگە لەوە دەگرێت بەهۆی وابەستەیی کوردستان بەوەزعی عیراقەوە خەڵکی کوردستان لەلایەن حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە بەدوای سیاسەت و شەڕی ئەمریکا لە ناوچەکەدا ڕابکێشرێت.**